# سەرکی حکوومەتی هەرێم بۆ پارێزگاری هەولێر: ئەوی پێویستە بۆ پاراستن و سەلامەتی گیانی هاووڵاتییان ئەنجامی بدەن

ئەمڕۆ سێشەمە 2024.3.19، مەسرور بارزانی، سەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنییدا لەگەڵ ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر، سەبارەت بە شێلانە بەهێزی بارانبارین کە ناوچەکەی بگشتیی گرتەوە، بەدواداچوونی بۆ دۆخەکە و ئامادەکارییەکانی پارێزگای هەولێر کرد و لەلایەن پارێزگاری هەولێرەوە ڕوونکردنەوەی پێویست سەبارەت بە ئامادەباشی سەرجەم فەرمانگە و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ هەر ئەگەر و ڕووداوێکی چاوەڕوانەکراو و ئیدارەدانی حاڵەتی ئەو دیاردەیە بارانبارینی ئەمڕۆ و کێشەکردنی بارودۆخەکە پێشکەش بە بەڕێزیان کرا.

هەروەها پارێزگاری هەولێر، تیشکی خستە سەر سەرجەم ئەو پلان و بەرنامە و پڕۆژە و ئەگە چارەسەرییە پێویستانەی کە لەماوەی ڕابردوودا بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی جەنابی سەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سنووری پارێزگای هەولێر بۆ بەرێنگاربوونەوەی مەترسییەکانی ڕووداوی لافاو و هەکارەکانی جێبەجێکراون و بەهێزانەوە تا ئاستێکی زۆر مەترسییەکانی دروستبوونی لافاو لە شاری هەولێر کەمیکردووە.

سەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک دەستخۆشی، فەرمانی کرد ئەوی پێویست بێت بۆ پاراستن و

سەلامەتی گیانی هاوڵاتیان بکرێت و ئامادەیی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشی بۆ هەر هاوکارییەکی بۆپەلە و پێویست دووپاتکردووتەوە.